# ستایلی پێستی پڵێنگ لە

ماوەی چەندین ساڵە توانراوە سوود لە پێست و ماددەی پاشماوەی گیانداران وەربگرێت، لە مۆدەکانی جوانی و بواری جوانکاریدا، وەکو دەبیستین کە هەندێك جانتا لە پێستی تیمساح و ئاسك و یان هەندێك کەرەستەی دیکە لە پێست و فەروو و تووکی هەندێك لە گیانداران دروست دەکرێن، بەڵام ماوەی چەندساڵێکە دیزاینەران و ئامادەکارانی بواری مۆدە، بیریان لە بەکارهێنانی ڕەنگ و نەخشی گیانداران کردۆتەوە، تاوەکو لە بواری مۆدەدا جێگەی بایەخ بێ، ئەوەبوو توانیان سوود لە نەخشی پێستی پڵینگ، یان (تایگەر ستایل) وەربگرن بۆ ئامادەکردنی کەرەستەکانی جوانکاری وەك : جلوبەرگ – پێڵاو – نەخشی نینۆك، تا لەسەر ئەو ستایلە دروستی بکەن، ڕەنگی پێستی پڵینگ لە دوو ڕەنگی سەرەکیی خاڵی گەورە پێکدێ، ڕەنگی یەکەمیان زەردە و ئەوەی دیکەش ڕەشە کە ڕەنگی خاڵەکانە، ئەو دوو ڕەنگە بە شێوەیەکی ناسنوور لەگەڵ یەك دەگونجێن، جگە لەوەی دەگونجێن، هەروەها شێوازێکی ناسك و سەرنجڕاکێشە، بۆیە خانمانیش دەتوانن لەهەر بەشێکی جلوبەرگ یان نەخشی نینۆك یان پێڵاودا ئەو ستایلە بەکاربهێنن کە دیمەنێکی ڕازاوە و جوانی هەیە.

## ملوانکەی شێوە بازنەیی







ملوانکە بە چەندین و جۆراجۆرترین شێوە دروست دەکرێن، لە کاتێکدا ئەو کەسەی لە ملی دەکات، دەبێ لەسەرەتادا بزانێ چ جۆرە ملوانکەیەك لەگەڵ شێوەی ملی دەگونجێ و شیاو دەبێ، هەندێك لە خانمان هەڵەی گەورە دەکەن، وەك ئەوانەی ملیان ئەستوورە یان گەورەیە، دەچن هەمان ملوانکەی گەورە و ئەستوور بەکاردەهێنن، ئەمەش نەشیاوی لە دیمەنی جوانی ملوانکە و مل دەردەخات، هەروەها پێچەوانەش ڕاستە کاتێك کەسێك ملی باریکە یان لاوازە، ئەویش ملوانکەیەکی تەنك بپۆشێ، لێرەدا چەند زانیارییەك هەیە لەوەی خانمان چۆن ملوانکە بپۆشن، لەو کاتەی کەسێك حەزی بە ملوانکەی شێوە بازنەیی یان شێوە حەوت هەیە، دەکرێ ئەو ملوانکانە هەڵبژێری کە پێشەوەی ئێکسسوار نییە تاوەکو شۆڕ ببێتەوە و شێوەی بازنەیی لێدەربچێ، هەروەها ئەوانەی حەز دەکەن ملوانکەیەیان لەسەر ملیان شێوەی حەوت بێ، دەکرێ شتێکی قورس وەك ئێکسسوارێك لە بەشی ناوەڕاست و خوارەوەی ملوانکەکە بدەن، لەم دواییەدا چەند ملوانکەیەکی جیاواز دەرکەوتووە، کە زیاتر لە دوو ملوانکە لەسەر مل دەردەکەوێ و کەچی خۆی لە یەك ملوانکەدا پێکهاتووە.




## جلی کوردی

وەرزی پاییز نێوان وەرزی هاوین و زستانە، لە نێوان ئەو دوو وەرزدا چەندین گۆڕانکاریی تەواو بەسەر شێواز و ڕەنگ و جوانی لە مۆدە و جلوبەرگ ڕوودەدەن، هەر بۆیە ئەو گۆڕانکارییانە دەکەونە سەر شانی مۆدەکانی وەرزی پاییز، جلی کوردیش وەك یەکێك لە مۆدە باو و دیارەکان، کە لە چەند ساڵێکی داهاتووشدا دەبێتە مۆدەیەکی جیهانی،


# کەرەستەکانی جوانکاری







## ئەڵقە و ئەنگوستیلەی باریک و نەخشێنراو







ئەڵقەیەکی جوان لە پەنجەی دەست، هێما و نیشانەیە بۆ خاتوونێکی لێهاتوو و بیرۆکە جوان لە هەڵبژاردنی ئەڵقە و ئەنگوستیلەی دەست، لەو کاتەی کەسێك دەتوانێ شێوازێکی جوان لە ئەڵقە و ئەنگوستیلە بۆ پەنجەکانی دابین بکات، لەوە دەزانێ کە ئەو کەسە شارەزاییەکی دروستی لە بواری جوانکاری و داهێنان لە مۆدەدا هەیە، چونکە شێوازی ئەڵقە و ئەنگوستیلە، هەستی ئەو کەسەیە کە هەڵیدەبژێرێ و بە شێوازێکی جوانیش لە پەنجەکانی دەکات. هەر ئێکسسوارێك بۆ کات و شوێنێکی تایبەت لەبەر دەکرێ، بۆ نموونە ئێکسسوارەکان لە کاتی دەوام و شوێنی ئیش جیاوازی هەیە لەگەڵ ئێکسسوار بۆ ئاهەنگ و ماڵەوە و یان هەر لایەکی دیکە، بۆیە جیاکاری لە نێوان شێوازەکانی ئێکسسوارەکان، بەهایەکی جوانیت پێدەدات و ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی دەبێ، ئەڵقە و ئەنگوستیلە لەو ماوەیەدا کە دەبێتە مۆدەیەکی سەرەکی بریتیین لە : ئەڵقە و ئەنگوستیلەی شێوە باریك — لەگەڵ بوونی نەخشێك لەناوەڕاستی سەرەوەی- هەروەها ڕەنگێکی تۆخ و دیار تاوەکو لە ڕەنگی پێست جیاوازتر بێت، ئەوەندە زیاتر دەردەکەوێ.

# بۆ وەرزی پاییز

ئەمەش بەپێی قسەی دیزاینەرێکی کورد، بەتایبەت جلی کوردی بۆ وەرزەکانی بەهار و پاییز، شێوازێکی سەرنجڕاکێش و جوان لە خۆ دەگرێ، بەهۆی ئەوەی ئەو وەرزە کەشێکی نیمچە گەرمی هەیە و فێنکە، بۆیە جلی کوردی لە قوماشی تەنك ئامادە دەکرێ، تاوەکو ئەو کەسەی لەبەری دەکات بە لەبەر کردنی کراسە کوردییەکە ئاسوودە بێت، سەبارەت بە ڕەنگیش کە ئەویش فاکتەرێکی گرنگە بۆ جلی کوردی، لە وەرزی پاییزدا زیاتر ڕەنگە تۆخ و کراوەکان لەبەر دەکرێن وەك : شینی کاڵ و تۆخ — قاوەیی- ئاسمانی ئەوەی لە نیلی و شینی کاڵ نزیکە، لەگەڵ ئەو ڕەنگەی لەگەڵ ستایلی قژی ئەو خانمە دەگونجێ، دەکرێ بپۆشرێ و ببێتە مۆدەیەکی شیاو و ڕازاوە.

# تەپڵ ئامێرێکی ریتمی کوردەواری




چەندین ئامێر و کەرەستەی کوردەوای هەن کە لە بواری میوزك ژەنین و گۆرانیی گۆتن بەکارهێنراون، لەوانە: دووزەلە – زوڕنا – دەهۆڵ – جۆزە- نای – باڵەبان– تەپڵ و دمبك، ئەم کەرەستانەش بە دەستی کورد دروست دەکران، تەنانەت ئێستاش لە هەندێك شوێندا کەرەستەی لەم جۆرە دروست دەکرێن، تەپڵ یەکێکە لەو ئامێرانەی کە لەگەڵ زووڕنا و باڵەبان زیاتر بەکاردەهێنرێ، هەروەها لە ئاهەنگە میللییەکاندا بەکارهێنراوە، وەك لە گۆرانییە خۆشەکەی (برایانی زیزی) بە تەپڵ و باڵەبان، و لەگەڵ کۆمەڵە کیژۆڵەیەکی شۆخ و شەنگدا، ئەم ئامێرە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێ، یەکەمیان شوێنی لێدان کە لە پێستی گیانداران دروست دەکرێ، ئەوەی دیکەش لە ژێرەوەیە و بە دەست دەگیرێت، کە لە داری گوێز یان داری ئەسپیندار یان لە ستیل و ئاسن دروست دەکرێ، ناوەوەی بۆشە و تاوەکو دەنگی لێدانەکە لە پێستەکە بڵندگۆ بکات و دەنگی زیاتر بێت، چۆنیەتی دروست کردنی ئەم ئامێرە بەم شێوەیە : سەرەتا پێستی گیانداران دەهێنرێ بەتایبەت پێستی مەڕ دواتر دەخرێتە ناو خوێ بۆ ماوەیەك تاوەکو بسەپێ و بۆنەکەشی نەمێنێ، پاشان دەدرەهێنرێ و پان دەکرێتەوەو راست دەکرێ، دواتر لە شێوەیەکی بازنەیی ئامادە دەکرێ و دەخرێتە سەر بەشەکەی دیکە کە لە دار یان ئاسن دروست دەکرێ جیاوازی شێوەکەش بە گوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێ و جیاواز دەبێ، دواتریش لێواری پێستەکە بە ماددەیەکی نەرم توند دەکرێ و ئامادە دەبێ بۆ لێدان.

## گەورەترین



ئەوانەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، مەرجێکیان هەیە کە تەمەنە، یان لە چ تەمەنێکدا هاوسەرگیریی بکەن، ئەوەی زیاتر باوە دەڵێن کوڕ لە کچ گەورەتر بێ تاوەکو زیاتر نازی هەڵبگرێ و ئاگاداری بێ، بەڵام ئەم مەرجانە لەلای ئەو دوو کەسە بەتەمەنەی وڵاتی ئۆرۆگوای گرنگ نییە، تەنانەت لەتەمەنێکدا هاوسەرگیریان کردووە کە جێگەی سەرسوڕمان و گومانە، (خوسێ) ئەو پیاوە پیرەیە کە

## بووک و زاوای کەچەڵ!



دوای خۆشەویستییەکی (٢) ساڵەی نێوان (ڕۆکسی و مایك) کە هەردووکیان خەڵکی وڵاتی بەریتانیان، لەسەر داوای بووکەکە تاوەکو میوانێکی زۆر کۆبکاتەوە و کاری کۆمەك و بەخشین ئەنجام بدات ئەمەش بە ڕێگەی سەرتاشینی بووکەکە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە تاوەکو ببێتە جێگەی سەرنجڕاکێشانی خەڵك و بەشداری لە ئاهەنگەکەی بکەن ودواتریش بەشداری لە کاری کۆمەکارییەکە بکەن، ئەوە بوو لە دوای تێپەڕبوونی کاتژمێرێك لە ئاهەنگەکەیان، بووك و زاوا بە مەکینەی سەرتاشین، قژی یەکیان بڕی و بوون بە بووك و زاوای کەچەڵ.

# سەبەتەی حەسیر




سەبەتە ناوێکی گشتیرە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە کە تەواو دانەخراون و بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە یان شۆردنەوەی شتەکان بەکارێن، سەبەتەی حەسیر یەکێکە لە جۆرە باوەکانی سەبەتە کە بەشێوەو شێوازی جیاواز دروست دەکرێت و چەندین ڕێگە هەیە بۆ دروست کردنی، سەبەتەی حەسیر بۆ چەندین مەبەستیی دیاریکراو بەکاردێت وەك گواستەوەی میوە و سەوزە بە تایبەت ئەو میوانەی کە پێویستە لە شوێنی داخراو نەبن یان دەبێت هەوا لێیان بدات بۆ ئەوەی تێکنەچن، دیزاین و شێوەی ئەو سەبەتانەش بەو شێوەیە کە ڕێگە نادات میوەکە تێك بچێت و ئاڵوگۆڕی هەوای تێدا دەکرێ، سەبارەت بە شێوازی دروست کردنیشی سەرەتا حەسیر و ئەو چیکلە دار و پارچانەی پێویستن ئامادە دەکرێت لە پاشاندا بنکەو بنەکەی بە جوانی دەچندرێت و دروست دەکرێت پاشان لە دەوری بنکەکەی ئەگەر بازنەیی یان هەر شێوەیەکی تر بێ ئەو لە دەوری ئەو تەنیشتەکانی بە حەسیرەکە هەڵدەچندرێت و دروست دەکرێت، ئەوەی شایەنی باسە زۆر جار ئەو شێوازەی دروست کردنی سەبەتە حەسیرانە جیاوازە لە بوونی بۆشایی زۆر یان کەم لە نێوان ریزەکانی حەسیرەکان بەشێوەیەك هەیە کونی گەورەی تێدایە و هەشیانە کونی بچووکیان تێدایە، دوای تەواو چنینیشی ئەوا دەسکێکی هەر لە حەسیر بۆ دووست دەکرێت بۆ هەڵگرتنی، زۆر جار ئەوسەبەتەیە تەنها بنکەیەکە لەگەڵ لێوێکی باریکی بچووك کە بۆ هەڵگرتنی نانی تیری بەکار دێت.



## هاوسەرگیری

تەمەنی (١٠٣) ساڵە و لەگەڵ (مارتینا لۆپێز)ی (٩٩) ساڵان، توانیان لە ئاهەنگێکی جوان و قەشەنگدا بەیەك بگەن، ئەم هاوسەرگیرییە دوای ئەوە دێ کاتێك بەر لە (٤٥) ساڵ لەمەوبەر پەیوەندیی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبووە و بە ئامادەبوونی نەوە و منداڵانی هەر یەکە لە بووك و زاوای پیر ئاهەنگێك بەڕێوەچوو و بوونە هاوسەری یەکتر.



## تەسریحەیەکی قژ بە یەک ملیۆن دۆلار

نوێ کردنەوەی مۆدە کۆنەکان، لە ئەمڕۆدا بۆتە بابەتێکی گرنگ و بەتایبەت لەلایەن دیزاینەران و ئامادەکارانی بواری مۆدە، لەوانەش بواری قژ و تەسریحەی جیاواز، لەلایەن دیزاینەری قژی جیهانی (لۆرانس گراف) کە توانی مۆدەی (٦٠) ساڵی پێشوو زیندوو بکاتەوە و سوودی لێ وەربگرێ، ئەویش کاتێك تەسریحەیەکی کۆنی ئامادە کرد تێچووی گەیشتە (١) ملیۆن دۆلار، کە پێکهاتبوو لە (٢٢) پارچە ئەڵماسی بچووك، کە کێشەکەیان (٥٥٠) قیراتی ئەڵماسی بوو، بۆیە نرخەکەی گەیشتە (١) ملیۆن دۆلار و بەمەش تەنیا تەسریحەیەکی قژ کە لە ساڵانی پێشوودا ئامادەکراوە گەیشتە ئەو نرخە بەرزە.

## شێوازێکی سەیری بەلەم



کارە جوان و سەرنجڕاکێشـــەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشـــەوە دەچن و کاری جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبینرێت، ئەوەی دەیبینین تەنها شـــێوەی مارکەیەکی دیاریکراوی پێڵاو نییە، بەڵکو ئەوە شـــێوازێکی بەلەم و کەشتی بچووکە بۆ جوانی و سەرنجڕاکێشان دروســـت کراوە، ئەو بەلەمە بە شـــێوەیەك دروستکراوە وەك هەموو شێوەیەکی ئاسایی، لە پێڵاوێکی ئاسایی بچێت بە تایبەت ئەو شـــێوازە پێڵاوە لە مارکە و شـــێوەیەکی جیهانییەکاندا دەبینرێ، هەوادارانی ئەو پێڵاوە بە تامەزرۆییەوە ئارەزوو دەکەن سواری ئەو بەلەمە بن و گەشتی ناو دەریای پێبکەن.

## زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (خەرمان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دەرگا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (سەربان بە شێوەزاری کەرکوکی)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سەر)
- پیتی خانەکانی (٣+٤)کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە هەستی پێدەکەین و نایبینن کە لێمان دەدا)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئـــەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بـــەرچـــاو لەگشت بـوارەکـانـی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بەووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئـەو پـــرۆژانـــەی کە دەیـخـەیـتـە بـەرچـاوی دەوروبەرت دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت بەئاگادارییەوە بڕوانە پرۆژەکەت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئـەم مـاوەیـە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بـە خەونەکانت بەهیواوە سەیری دوارۆژ بکە، بۆ هەموو کەسێك دڵساف مەبە چونکە هەموویان دۆستی تۆ نین تا خۆشیی تۆیان بوێت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەو کێشەو گرفتانەی کە مـاوەیـەکە هەتبوون وردە وردە بەرەو نەمان دەچن دەمەقاڵێت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویستەکەت ڕۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەك لەمەو پێش ئەنجامت دابوون لەبواری کـارەکـەتـدا، دەبـنـە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودیا لێوەربگریت، ئەو کێشەیەی کە تووشت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بـەهـۆی بەهێزیی توانات چەند پـرۆسـەیـەك ئەنجام دەدەیـــت کـە سوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت، لەبواری داراییدا ئاسوودەییەکی زۆر لە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشت پیشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.

## وتەی ناوداران



- **(دۆستۆیڤسکی) دەربـــارەی کێشە دەڵێ:**

چەند سەیرە مرۆڤ تەنها حەز دەکات کێشەکانی بژمێرێت، بەڵام قەت لە بیری ئەوەدا نییە و نایەوێ دڵخۆشبوونەکانی کۆکاتەوە.

## وتــە

**- لەمێشکی هەموو منداڵێکی بچووکدا حەزی گەورە بوون هەیە و هەموو کەســێکی گەورەش کە چۆتــە تەمەن دەیەوێ بۆ منداڵی بگەڕێتەوە، منداڵــەکان بەحەزی خۆیان دەگەن و گەورە دەبن، کەچی گەورەکان هەرگیز خەونی بوونەوە بەمنداڵییان بۆ نایەتە دی.**

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | ■ | | | ■ | | | | | | ■ | |
| ٣ | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | |
| ٤ | | | | | | | | | ■ | | | |
| ٥ | | | ■ | | | | | | ■ | | | |
| ٦ | | | | ■ | | ■ | | ■ | ■ | ■ | | |
| ٧ | | | | | ■ | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | ■ | | ■ | ■ | | | |
| ٩ | ■ | | | | | ■ | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | | ■ | |
| ١١ | | ■ | ■ | | | | | ■ | | | | |
| ١٢ | | | | | | ■ | | | | | | |

## ئاسۆیی:

١- وەزیری ئابووری بوو لەکۆماری مهاباد.
٢- ژمارەیەکە – شارۆچکەیەکی سەر بە سلێمانییە (پ).
٣- پووچ (پ) – سێ پیتی لنك – ڕەش (پ).
٤- پێشمەرگە – سێ پیتی بەیان.
٥- سێ پیتی گیان – نووستوو.
٦- نیوەی کەپر (پ) – تەنك (پ) – جۆرە گۆرانییەکە (پ).
٧- نیوەی ئەسپ (پ) – بەشی سەرەوەی ناودەم.
٨- جۆرە گوڵێکە (پ) – مەر (ت) .
٩- گیاندارێکی ئاوییە – ناوێکی کوڕانەیە (پ).
١٠- سەرۆکی پەرلەمانی تورکیایە .
١١- دەنگی نەخۆش - میوەیەکە .
١٢- ناوی کانییەکە لەسەر سەفین – جۆرە قوماشێکە (پ).

## ستوونی:

١- ئەو پەیمانەی نێوان عوسمانی وسەفەوی بووە هۆی نەمانی میری بابان – ئامێریکی مۆسیقایە.
٢- یاریزانێکی کۆنی بەرازیل بوو- دەنگی باران.
٣- دوپیتی حداد – چیایەکی کوردستانە (پ).
٤- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە – پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە .
٥- خواردنەوەیەکی گازییە (پ) جۆرە گوڵێکە.
٦- پایتەختی سەنیگال – ژمارەیەکە .
٧- پیتێکی ئینگلیزییە – ئەکتەرێکی کۆچ کردووی میسرییە .
٨- خەڵکی شارێکی تر (پ) – خواردنەوەیەکە (پ).
٩- گرد(پ) - گورز .
١٠- پارێزگایەکی عێراقە (پ) – ناوێکی کوڕانەیە.
١١- جۆرە گۆرانییەکی کوردییە – نیوەی هەست.
١٢- شاعێرێکی کورد بوو (پ) .

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی خواردنێکی کوردیت بۆ دەردەچێت :

ا ر ا س و

وەڵامی ژمارەی پێشوو: ئەیلول



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەنگەلەمهەفتەیەدا پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یاخود لەگەڵ کەس و کارتدا بەرەو خراپی بچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیاندا، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

گشتئەوگۆڕانکارییانەی کە لەژیانتا ڕوودەدەن لەبەرژەوەندیی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەو پێش چوون و سەرکەوتن، ماوەیەکی باشە بۆبەستنی پەیوەندی خۆشەویستی .



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەکارەکانتدا گرفت بۆ خۆت دروست مەکە، هەروەها لەبواری خۆشەویستیشدا هەوڵدە کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەندی تەماعیت کە دەتەوێت بەزووترین کات ببیتە خاوەنی گەورەترین سامانء داهات، ئەمەش بۆ هیچ کەسێك ڕووی نەداوە تا بۆ تۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیت و فشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆشەویستەکەت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

تۆ کەسێکیت کە هەمیشە بڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکاندا، بەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویستەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەوەندە مێشکت بەشتی پڕوپووچ خەریك مەکە، ڕەنگە باری تەندروسیت روو لەخراپی بێت، دڵی خۆشەویستەکەت مەڕەنجێنە کە دەزانی پێویستیت پێیەتی .




جارێکیان (٢) کەس پارەیان پێنابێ و سواری تەکسییەك دەبن، بەر لەوەی سواری تەکسییەکە بن دەڵێن کە گەیشتینە شوێنی خۆمان لە تەکسییەکە رادەکەین و هەڵدێین، کە دەگەنە شوێنەکە و هەر یەکە لە دەرگا خۆیان هەڵدەدەن و رادەکەن تا دەگەنە شوێنێکی تاریك، دواتر لە نێوان خۆیان قسە دەکەن و دەڵێن دەبێ ئەو شوفێرە چی بکات ئێستا، لەو کاتە یەکێك قسە دەکات و دەڵێت : ئەرێ پێم ناڵێن مەسەلە چی بوو راتان کرد منم شوفێری تەکسییەکە !

پیاوێك لە ماڵەکەی خۆیدا دەبێ و لە ناکاو زۆر توڕە دەبێ دەڵێ : دەڵێم هەستم خۆم بکوژم و ئێوەش بکوژم و ئینجا بڕۆم بەجێتان بهێڵم !